# دۆعاو نزا له قورئان وسونه‌ت

نووسینی :

هه‌ژار بۆ لای الله -سبحانه وتعالی- د. سه‌عید ئیبن عه‌لی ئیبن وه‌هب ئه‌لقه‌حتانی

ح جمعية الدعوة و الارشاد وتوعية الجاليات بالربوة ، ١٤٤٥هـ

القحطاني ، سعيد بن علي
الدعاء من الكتاب والسنة - كردي سوراني. / سعيد بن علي
القحطاني - ط.١ -. الرياض ، ١٤٤٥هـ

٦٢ ص ؛ ١٤ × ٢١ سم

ردمك: ٧-٩٩-٨٤١٧-٦٠٣-٩٧٨

١٤٤٥ / ٢٠٨٦٠

شركاء التنفيذ:

دار الإسلام | جمعية الربوة | رواد الترجمة | المحتوى الإسلامي

يتاح طباعة هذا الإصدار ونشره بأي وسيلة مع
الالتزام بالإشارة إلى المصدر وعدم التغيير في النص.

Telephone: +966114454900
ceo@rabwah.sa
P.O.BOX: 29465
RIYADH: 11557
www.islamhouse.com

# دۆعاو نزا له قورئان وسونەت

﴿وَلِلَّهِ ٱلۡأَسۡمَآءُ ٱلۡحُسۡنَىٰ فَٱدۡعُوهُ بِهَاۖ وَذَرُواْ ٱلَّذِينَ يُلۡحِدُونَ فِيٓ أَسۡمَٰٓئِهِۦۚ سَيُجۡزَوۡنَ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ١٨٠﴾ [الأعراف: 180]

**واته:** ﴿خودا خاوەنی ناوە جوان و پیرۆزەکانە، جا (ئەی ئیمانداران) بەو ناوانە دۆعا و نزا بکەن و هاناو هاوار بۆ ئەو زاتە بەرن، واز بهێنن لەوانەی کە لە ناوە پیرۆزەکانی خوادا ئیلحاد دەکەن (سیفەت و ناوەکانی خوا بەکاردەهێنن بۆ غەیری خوا، یان نکۆڵی لە ناو وسیفەتەکانی پەروەردگار دەکەن)، لە ئایندەدا پاداشتی ئەو کارو کردەوانەیان وەردەگرن کە ئەنجامیان دەدەن﴾[1]

[1] سورة الأعراف: [180].

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| الله | ئەلئەوەل | ئەلئاخیر | ئەلزاهیر | ئەلباتین |
| ئەلعەلی | ئەلئەعلا | ئەلموتەعال | ئەلعەزیم | ئەلمەجید |
| ئەلکەبیر | ئەلسەمیع | ئەلبەسیر | ئەلعەلیم | ئەلخەبیر |
| ئەلحەمید | ئەلعەزیز | ئەلقەدیر | ئەلقادر | ئەلموقتەدیر |
| ئەلقەوی | ئەلمەتین | ئەلغەنی | ئەلحەکیم | ئەلحەلیم |
| ئەلعەفو | ئەلغەفور | ئەلغەفار | ئەلتەواب | ئەلڕەقیب |
| ئەلشەهید | ئەلحەفیز | ئەللَەتیف | ئەلقەریب | ئەلموجیب |
| ئەلوەدود | ئەلشاکیر | ئەلشەکور | ئەلسەید | ئەلسەمەد |
| ئەلقاهیر | ئەلقەهار | ئەلجەبار | ئەلحەسیب | ئەلهادی |
| ئەلحەکەم | ئەلقودوس | ئەلسەلام | ئەلبەڕ | ئەلوەهاب |
| ئەلڕەحمان | ئەلڕەحیم | ئەلکەریم | ئەلئەکرەم | ئەلڕەئوف |
| ئەلفەتاح | ئەلڕازیق | ئەلڕەزاق | ئەلحەی | ئەلقەیوم |
| ئەلڕەب | ئەلمەلیک | ئەلمەلییک | ئەلواحید | ئەلئەحەد |
| ئەلموتەکەبیر | ئەلخالیق | ئەلخەلاق | ئەلباریئ | ئەلموسوڕ |
| ئەلموئمین | ئەلموهەیمین | ئەلموحیت | ئەلموقیت | ئەلوەکیل |
| ئەلکافی | ئەلواسیع | ئەلحەق | ئەلجەمیل | ئەلڕەفیق |
| ئەلحەیی | ئەلسیتیر | ئەلئیلاهـ | ئەلقابیز | ئەلباسیت |
| ئەلموعتی | ئەلموقەدیم | ئەلموئەخیر | ئەلموبین | ئەلمەنان |
| ئەلوەلی | ئەلمەولا | ئەلنەسیر | ئەلشافی | مالیک ئەلمولک |
| جامیع ئەلناس | | نور ئەلسماوات و ئەلئەڕز | | |
| زو ئەلجەلال وە ئەلئیکرام | | بەدیع ئەلسەماوات وئەلئەڕز[2] | | |

2 سەیری ئەم ناوانەی پەروەردگار بکە لەگەڵ بەڵگەکانیان لە کتێبی: (شرح أسماء الله الحسنى في ضوء الكتاب والسنة).

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشەکی

إنَّ الحَمْدَ لِلَّهِ، نَحْمَدُهُ، وَنَسْتَعِينُهُ، وَنَسْتَغْفِرُهُ، وَنَعُوذُ بِاللَّهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنَا، وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا، مَنْ يَهْدِهِ اللَّهُ فَلاَ مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلْ فَلاَ هَادِيَ لَهُ،وَأَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ، صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَأَصْحَابِهِ وَمَنْ تَبِعَهُمْ بِإِحْسَانٍ إِلَى يَوْمِ الدِّينِ، وَسَلَّمَ تَسْلِيماً كَثِيراً. أَمَّا بَعْدُ:

ئەم كتێبە پوختەی كتێبی (( الذِكْرُ وَالدعَاءُ وَالعِلاَجُ بِالرقی مِنَ الكِتابِ وَالسنَّةِ ))[3]، بەشی نزاكردنم پوخت كردەوە، بۆئەوەی سوود وەرگرتن لێی ئاسان بێت، وهەندێک نزا وسوودی ترم بۆی زیاد كرد كەسود بەخشە بە ویستی پەروەردگاروداواكارم لە خوای گەورە -عز وجل- بە ناوە جوان وسیفەتە بەرزەكانی یارمەتی دەرم بێت ئەم كارە بەدڵسۆزی بۆ ڕەزامەندی ئەو بێت، ئەو تواناداره لەسەر وەڵامدانەوەی ئەم نزایە.

وَصَلَّى اللَّهُ، وَسَلَّمَ، وَبَارَكَ عَلَى نَبِيِّنا مُحَمَّدٍ، وَعَلَى آلِهِ، وَأَصْحَابِهِ، وأَتْبَاعِهِ بِإِحْسَانٍ إِلَى يَوْمِ الدِّين.

**نووسینی:**

**سەعید ئیبن عەلی ئیبن وەهب ئەلقەحتانی**

**شەعبان 1408 ك**

---

[3] الحمد لله ، كتێبی « الذكر والدعاء والعلاج بالرقی من الكتاب والسنة» چاپكراوە لەگەڵ بڕیاردان لەسەر فەرموودەكانی لە چوار بەرگدا: الأذكار ((حصن المسلم)) لە بەرگی یەكەم ودووەم، ونزا لە سێیەم، وچارەسەر كردن بە ڕوقیە لە بەرگی چوارەم.

## فەزڵ وپلەوپایەی دۆعا ونزا کردن:

خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ إِنَّ الَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِي سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ﴾[4]، واتە: ﴿وە پەروەردگارتان فەرموویەتی: لێم بپاڕێنەوە وەڵامتان دەدەمەوە بەڕاستی ئەوانەی خۆبەگەورە دەزانن کەبمپەرستن بێگومان بەسەر شۆڕی دەچنە دۆزەخەوە﴾

﴿وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ ٱلدَّاعِ إِذَا دَعَانِ فَلْيَسْتَجِيبُواْ لِي وَلْيُؤْمِنُواْ بِي لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ ۝١٨٦﴾ [البقرة: 186]

واتە: ﴿(ئەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ئەگەر بەندەکانم پرسیارت لێبکەن دەربارەم، ئەوە من نزیکم لێیانەوە، بە هاناو هاواری دۆعا گۆیانەوە دەچم هەر کاتێك لێم بپاڕێنەوەو نزا بکەن، دەبا ئەوانیش بەدەم بانگەوازی منەوە بێن و باوەڕی دامەزراو بە من بهێنن، بۆ ئەوەی ڕێگای هۆشیاری و ئاگایی بگرنەبەر (بۆ بەدەستهێنانی سەربەرزی و سەرفرازی هەردوو جیهان).﴾[5]

وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:پەرستن بریتییە لە دۆعا ونزاکردنپەروەردگارتان فەرموویەتی: ((ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ))[6]، واتە: ﴿ئێوە هاناو هاوار بۆمن بهێنن؛ ئەوە من دوعاو نزاتان گیرا دەکەم﴾».[7]و -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:«خوای گەورە بەشەرم وبەخشندەییە وشەرم دەکات ئەگەر بەندەیەک

---

[4] الحاكم 1/ 541، و زوائد مسند البزار 442/2، ژ 2177، والطبراني لە الدعاء 1435، و الهيثمي لە مجمع الزوائد 179/10 دەڵێت: ((ئیسنادەکەی الطبراني -جيد-ە)).

[5] سورة البقرة : 186.

[6] ابو داود 2/ 78 ژ 1488 والترمذي 5/ 557 ژ 3556 وابن ماجه 2/ 1271 ژ 3865، و ابن حجر دەڵێت: ((سەنەدەکەی -جيد-ە))، وە ئەلبانی بە سەحیحی داناوە لە صحيح الترمذي 3/ 179.

[7] الترمذي 5/ 566 ، و 5/ 462 ژ 3573، وأحمد 3/ 18 ژ 11150، و ئەلبانی بە سەحیحی داناوە لە صحيح الجامع الصغير 5/ 116، وصحيح سنن الترمذي 3/ 140.

دەستی پاڕانەوەی بۆ لا بەرز بکاتەوە، بە بەتاڵی دەستی بگێڕێتەوە».[8] و -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت:«هیچ مسوڵمانێک نیە کە نزایەک بکات کە گوناھ وپچڕانی پەیوەندی خزمایەتی تێدا نەبێت، ئەوا خوای گەورە یەکێک لەم سێ شتەی پێدەبەخشێت: یان ئەوەتا هەر لە دونیا -لەنزیکترین ماوە- نزاکەی وەڵامدەدرێتەوە، یان داواو نزاکەی بۆ هەڵدەگیرێت بۆ قیامەت، یان ئەوەتا هێندەی نزاکە شەڕێکی لێ دوور دەخرێتەوە» ووتیان: کەواتە زۆر نزا دەکەین؟ فەرمووی: «خوای گەورە زیاتر پاداشتتان دەداتەوە».

ئادابەکانی نزا کردن و هۆکارەکانی وەڵامدانەوەی[9]:

1- ئیخلاس ودڵسۆزی بۆ خوای گەورە.

2- دەست پێکی بە حەمد وستایشی خوای گەورە بێت، پاشان سەڵاوات بدات لەسەر پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم-، بە سەڵاواتیش کۆتایی بە دۆعاکەی بهێنێت

3- نزا کردن بەدڵنیایی وجەختکردنەوە، ویەقین وبێ گومان بوون لەوەی وەڵامدەدرێتەوە.

4- بەردەوامبوون وکۆڵنەدان لە نزاکردندا وپەلە نەکردن لە وەڵامدانەوەی.

5- ئامادەبوونی دڵ لە نزادا.

6- نزا کردن لەکاتی خۆشگوزەرانی وناڕەحەتی -تەنگانە-.

7- تەنها دەبێت لە خوای گەورە داوا بکات و بەتەنها لە ئەو بپاڕێتەوە.

8- نزا نەکردن لەسەر خێزان وماڵ وسامان ونەفس.

9- نزمکردنەوەی دەنگ بە شێوازێک نەزۆر بێدەگانە بێت ونە زۆر بەدەنگی بەرز بێت

---

[8] سەیری سەرچاوە بکە، 3/ 863 – 926.

[9] سەیری ئەم ئادابانە وهۆکاری وەڵامدانەوەی نزا بکە لە سەرچاوە ئەسلیەکەدا، 3/927- 975.

10- داننان به تاوان وگوناهەکان، وداوای لێخۆشبوون له خوای گەورە لێیان، وداننان به نیعمەتەکان، وسوپاسکردنی خوای گەورە لەسەریان.

11- زۆر له خۆنەکردن بۆ ڕێکخستنی سەروا وکۆتایی ڕستەکان لەکاتی نزادا.

12- کزۆڵی وزەلیلی وخشوع و بەهیوابوون وترسان لەکاتی نزاکردندا.

13- گێڕانەوەی مافەکان بۆ خاوەنەکانیان لەگەڵ تەوبەکردن.

14- سێ جار دۆعاکانی دوبارە بکاتەوە

15- ڕووکردنە ئاراستەی قیبلە.

16- بەرزکردنەوەی دەستەکان لەکاتی نزاکردندا.

17- دەستنوێژ گرتن لەپێش نزاکردن

18- سنوور تێنەپەڕاندن له نزادا.

19- سەرەتا نزاکار نزا بۆ خۆی بکات ئەگەر ویستی نزا بۆ کەسێکی تر بکات.[10]

20- له خوای گەورە بپاڕێتەوە به ناوە جوانەکانی، وسیفەتە بەرزەکانی، یان به کردەوەیەکی چاکی خودی بەندەی نزاکار، یان بەوەی داوا بکات کەسێکی چاک نزای بۆ بکات بەمەرجێک زیندوو بێت وئامادە بێت.

21- دەبێت خواردن وخواردنەوە وپۆشاکەکەی حەڵاڵ بێت.

22- نابێت نزاکەی داوای گوناهکردن وپچڕانی پەیوەندی خزمایەتی تێدا بێت.

23- فەرمان به چاکە ونەهی له خراپە بکات.

---

[10] هاتووە کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سەرەتا نزای بۆ نەفسی خۆی کردووە، وهەروەها هاتووە کە سەرەتا نزای بۆ نەفسی خۆی نەکردووە، وەکو نزاکردنی بۆ ئەنەس وئیبن عەباس وئوم ئیسماعیل وهتد، بۆ وردەکاری زیاتر لەسەر ئەم بابەتە بڕوانە: شرح النووي لصحيح مسلم 15/ 144، و تحفة الأحوذي شرح سنن الترمذي 9/ 328، و فتح الباري شرح صحيح البخاري 1/ 281.

24- دوورکەوتنەوە لە هەموو گوناهەکان.

ئەو کات وحاڵ وشوێنانەی کە دۆعای تێدا گیرایە[11]:

1- شەوی قەدر.

2- سێیەکی کۆتایی شەو

3- لەپاش نوێژە فەرزەکان.

4- لەنێوان بانگ وقامەت.

5- ماوەیەکی دیاریکراو لە هەموو شەوێکدا.

6- لەکاتی بانگدان بۆ نوێژە فەرزەکان (لەپاش تەواوبوونی بانگەکان).

7- لەکاتی باران بارین

8- لەکاتی ڕێکخستنی ڕیزەکان بۆ جەنگان لەپێناو خوای گەورە.

9- ساتێکی دیاریکراو لە ڕۆی هەینی.

وپەسەندترین بۆچون ئەوەیە کە کۆتا ماوەی عەسرە لە ڕۆژی هەینی، وە ئەش گونجێت کاتی وتاردان ونوێژی هەینی بێت.

10- لەکاتی خواردنەوەی ئاوی زەمزەم بە نییەتێکی ڕاست گۆیانە لە الله

11- لەکاتی سوجدەبردندا.

12- لەکاتی هەستان لە خەی شەودا، ونزا کردن بەو نزایانەی لە سونەتدا هاتووە.

13- ئەگەر بەدەستنوێژەوە خەوت پاشان شەو هەستا ونزای کرد.

---

[11] سەیری ئەو کات وحاڵەت وشوێنانە بکە لەگەڵ بەڵگەکانیان بە وردەکاریەوە لە کتێبەکەدا : 3/ 975 - 1117.

14- نزا كردن لەپاش ووتنی: (لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ سُبْحَانَكَ إِنِّي كُنْتُ مِنَ الظَّالِمِينَ) واتە: (هیچ پەرستراوێک شایستەی پەرستن نیە بە هەق وڕاستی جگە لە تۆ، پاک وبێگەردی بۆ تۆ یا الله، من لە ستەمکاران بووم).

15- دۆعا كردني خەڵكی بۆ كەسی مردوو.

16- نزاکردن لەپاش ستایشکردنی خوای گەورە وسەڵاواتدان لەسەر پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە تەحیاتی کۆتاییدا.

17- لەکاتی نزا کردن وداوا کردن لە خوای گەورە بەناوی مەزنی ئەگەر بەو ناوە داوای لێبکرێت وەڵام دەداتەوە، وئەگەر بەو ناوە پرسیاریٰ لێبکرێت دەبەخشێت.[12]

18- نزاکردنی مسوڵمان بۆ مسوڵمانێکی تر لەکاتی ئامادەنەبوونی.

19- نزای ڕۆژی عەرەفە لە عەرەفە.

20- نزاکردن لە مانگی ڕەمەزان.

21- نزاکردن لە کاتی کۆبوونەوەی مسوڵمانان لە کۆڕو وکۆمەڵی زیکر ویادی خوای گەورە.

22- نزاکردن لەکاتی تووشبوون بەناڕەحەتی وکارەسات ئەمیش بە ووتنی: (إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ، اللَّهُمَّ أجُرْنِي فِي مُصِيبَتِي ، وَأَخْلِفْ لِي خَيْرًا مِنْهَا) واتە: (ئێمە موڵکی خوداین و هەر بۆ لای ئەویش دەگەڕێینەوە، خودایە پاداشتم بدەرەوە لەم موسیبەتەدا و شتێکی باشترم بۆ بخەرە شوێنی).

23- نزاکردن لەکاتی نزیکبوونەوەی دڵ لەخوای گەورە، وبەهێزبوونی ئیخلاص ودڵسۆزی بۆ ئەو زاتە.

24- نزای ستەملێکراو لە ئەو کەسەی ستەمی لێکردووە.

25- نزای دایک وباوک بۆ منداڵەکەی، و لەسەر منداڵەکەی.

---

[12] ناوی مەزنی خوای گەورە لە فەرموودەی ژمارە 203 و 104 و 105 لەم کتێبەدا باسکراوە.

26- نزای ڕێبوار -موسافیر-.

27- نزای ڕۆژووگر هەتاوەکو ڕۆژووەکەی دەشکێنێت.

28- نزای ڕۆژووگر لەو کاتەی ڕۆژووەکەی دەشکێنێت.

29- نزای لێقەوماو و بێ دالْدە.

30- نزای فەرمانڕەوای دادپەروەر.

31- نزای مندالْی چاک بۆ دایک وباوکی.

32- نزاکردن لەپاش دەستنوێژگرتن بەو شێوەیەی لە سونەتدا هاتووە.

33- نزاکردن لەپاش فڕێدانی بەردەکان لە (الجمرة الصغری).

34- نزاکردن لەپاش فڕێدانی بەردەکان لە (الجمرة الوسطی).

35- نزاکردن لە نێو کەعبە، و هەرکەسێک نوێژ ونزا بکات لەنێو حیجری ئیسماعیلدا ئەوا وەکو ئەوە وایە لەنێو کەعبەدا نوێژی کردبێت؛ چونکە حیجر بەشێکە لە کەعبە.

36- نزا کردن لەسەر سەفا.

37- نزا کردن لەسەر مەروە.

38- نزا کردن لە (ئەلمەشعەر ئەلحەرام) -لە موزدەلیفە-.

وئیماندار لە پەروەردگاری دەپاڕێتەوە لە هەرشوێنێک بێت، خوای گەورە -عز وجل- دەفەرموێت:

﴿وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ فَلْيَسْتَجِيبُوا لِي وَلْيُؤْمِنُوا بِي لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ ١٨٦﴾ [البقرة: 186]

واتە: ﴿(ئەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئەگەر بەندەکانم پرسیارت لێبکەن دەربارەم، ئەوە من نزیکم لێیانەوە، بە هاناو هاواری دۆعا کانیانەوە دەچم هەر کاتێك لێم بپاڕێنەوەو نزا بکەن، دەبا ئەوانیش بەدەم بانگەوازی منەوە بێن و باوەڕی دامەزراو بە من بهێنن، بۆ ئەوەی

ڕێگای هۆشیاری و ئاگایی بگرنەبەر (بۆ بەدەستهێنانی سەربەرزی و سەرفرازی هەردوو جیهان).﴾[13]،
بەڵام ئەم کات وحاڵەت وشوێنانە تایبەتمەندیەکی زیاتریان هەیە بۆیە پێویستە مسوڵمان زیاتر سوور بێت لە نزاکردن تێیاندا.

## نزاکردن لە قورئان وسونەت

الْحَمْدُ لِلهِ وَحْدَهُ، وَالصَّلاةُ وَالسَّلاَمُ عَلَى مَنْ لاَ نَبِيَّ بَعْدَهُ.

﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ١ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٢ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ٣ مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ ٤ إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ٥ ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ٦ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ٧﴾ [الفاتحة: 1-7]

1-﴿ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان (1) هەموو ستایشێک -حەمدێک- بۆ خوای گەورە پەروەردگاری جیهان (2) بەزەییدارترین، میهرەبانترین (3) خاوەن وسەرداری لێپرسینەوە ویاداشتدانەوە -ڕۆژی قیامەت- (4) ئێمە بە تەنها تۆ دەپەرستین و بەتەنها داوای یارمەتی لە تۆ دەکەین (5) ڕێنموێنیمان بکە بۆ سەر ڕێگای ڕاست (6) * ڕێگای ئەوانەی کە تۆ بەرەکەتت پێیان بەخشیووە؛ نەک ڕێبازی ئەوانەی کە خەشم وقینیان لێگیراوە ونە ڕێبازی ئەوانەیش کە گومرا بوون (7)﴾[14].

﴿...رَبَّنَا تَقَبَّلۡ مِنَّآۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ١٢٧﴾ [البقرة: 127]

2- واتە: ﴿پەروەردگارا کار وکردەوەکانمان لێ وەربگرەو لە ڕیزی چاکەکانماندا تۆماری بکە، چونکە بەڕاستی تۆ خوایەکی بیسەرو زانایت﴾.[15]

﴿رَبَّنَا وَٱجۡعَلۡنَا مُسۡلِمَيۡنِ لَكَ وَمِن ذُرِّيَّتِنَآ أُمَّةٗ مُّسۡلِمَةٗ لَّكَ وَأَرِنَا مَنَاسِكَنَا وَتُبۡ عَلَيۡنَآۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ١٢٨﴾ [البقرة: 128]

---

13 سورة البقرة : 186.

14 سورة الفاتحة.

15 سورة البقرة : 127.

3- واته: ﴿و تەوبە و پەشیمانیمان لێ وەربگرە، بێگومان تۆ خوایەکی تەوبە وەرگرو میهرەبان و دلۆڤانیت﴾.[16]

﴿... رَبَّنَآ ءَاتِنَا فِي ٱلدُّنۡيَا حَسَنَةٗ وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِ حَسَنَةٗ وَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ٢٠١﴾ [البقرة: 201]

4 - واته: ﴿پەروەردگارا لە دنیادا خێرو چاکەو نازو نیعمەتمان پێ ببەخشەو، لە قیامەتیشدا لە نازو نیعمەتەکانی بەهەشت بەهرەمەندمان بکەو، لە سزای ئاگری دۆزەخ بمانپارێزە﴾.[17].

﴿... سَمِعۡنَا وَأَطَعۡنَاۖ غُفۡرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيۡكَ ٱلۡمَصِيرُ٢٨٥﴾ [البقرة: 285]

5- ﴿گوێڕایەڵ و ملکەچین (بۆ بەدیهێنەرمان) پەروەردگارا لێخۆش بوونی تۆمان دەوێت و سەرئەنجام هەر بۆ لای تۆیە گەڕانەوە﴾.[18].

﴿... رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذۡنَآ إِن نَّسِينَآ أَوۡ أَخۡطَأۡنَاۚ رَبَّنَا وَلَا تَحۡمِلۡ عَلَيۡنَآ إِصۡرٗا كَمَا حَمَلۡتَهُۥ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِنَاۚ رَبَّنَا وَلَا تُحَمِّلۡنَا مَا لَا طَاقَةَ لَنَا بِهِۦۖ وَٱعۡفُ عَنَّا وَٱغۡفِرۡ لَنَا وَٱرۡحَمۡنَآۚ أَنتَ مَوۡلَىٰنَا فَٱنصُرۡنَا عَلَى ٱلۡقَوۡمِ ٱلۡكَٰفِرِينَ٢٨٦﴾ [البقرة: 286]

6- واته: ﴿(هەر بۆیە ئیمانداران دەڵێن): پەروەردگارا؛ لێمان مەگرە ئەگەر فەرامۆشیمان بەسەردا هات یان گوناهو هەڵەیەکمان لە دەست قەوما، پەروەردگارا؛ ئەرکی سەخت و کاری گران مەدە بەسەرماندا وەکو ئەوەی داوتە بەسەر ئەوانەی پێش ئێمەدا، پەروەردگارا؛ ئەرکێک مەدە بەسەرماندا لە توانامان‌دا نەبێت، تووشی بەڵاو ناخۆشیەکمان مەکە تواناو هێزو هەناومان لێ ببڕێت، گوناهمان بسڕەوە و چاوپۆشی بکە لە هەڵەو تاوانەکانمان و دای پۆشە، (داواکارین) بەزەییت بێتەوە پیاماندا، ڕەحممان پێ بکە، هەر تۆ پشت و پەناو یاریدەری ئێمەیت، جا بۆیە داوا دەکەین سەرمان بخەیت بەسەر قەومی کافرو خوانەناساندا﴾.[19].

---

[16] سورة البقرة : 128.

[17] سورة البقرة : 201.

[18] سورة البقرة : 285.

[19] سورة البقرة : 286.

﴿رَبَّنَا لَا تُزِغۡ قُلُوبَنَا بَعۡدَ إِذۡ هَدَيۡتَنَا وَهَبۡ لَنَا مِن لَّدُنكَ رَحۡمَةًۚ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡوَهَّابُ۝٨﴾ [آل عمران: 8]

7- واته: ﴿(ئەوانە دەڵێن) پەروەردگارا.. دوای ئەوەی کە هیدایەت و ڕێنموویت کردین، دڵەکانمان لامەدە لە ڕێگەی ڕاست و لە ڕەحمەت و بەخششی تایبەتی خۆت بەهرەوەرمان بکە، چونکە بەڕاستی تۆ بەخشندە و بەخشێنەری﴾.[20]

﴿... رَبَّنَآ إِنَّنَآ ءَامَنَّا فَٱغۡفِرۡ لَنَا ذُنُوبَنَا وَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ۝١٦﴾ [آل عمران: 16]

8- واتە: ﴿پەروەردگارا، بەڕاستی ئێمە ئیمان و باوەڕمان هێناوە، دە لە گوناهەکانمان خۆش ببە و لە ئاگری دۆزەخ بمانپارێزە﴾.[21].

﴿... رَبِّ هَبۡ لِي مِن لَّدُنكَ ذُرِّيَّةً طَيِّبَةًۖ إِنَّكَ سَمِيعُ ٱلدُّعَآءِ۝٣٨﴾ [آل عمران: 38]

9- واتە: ﴿پەروەردگارا نەوەی چاک و پاکم پێ ببەخشە، بەڕاستی تۆ بیسەری دوعا و نزایت﴾.[22].

﴿رَبَّنَآ ءَامَنَّا بِمَآ أَنزَلۡتَ وَٱتَّبَعۡنَا ٱلرَّسُولَ فَٱكۡتُبۡنَا مَعَ ٱلشَّٰهِدِينَ۝٥٣﴾ [آل عمران: 53]

10- واتە: ﴿(ئەوسا وتیان): پەروەردگارا ئێمە باوەڕمان هێناوە، بەوەی داتبەزاندووە و ڕەوانەت کردووە، شوێنکەوتەی پێغەمبەرەکەشتین، دە تۆیش لە ڕیزی شایەتەکانی (گەیاندنی بەرنامەکەتدا) تۆمارمان بکە﴾.[23]

﴿وَمَا كَانَ قَوۡلَهُمۡ إِلَّآ أَن قَالُواْ رَبَّنَا ٱغۡفِرۡ لَنَا ذُنُوبَنَا وَإِسۡرَافَنَا فِيٓ أَمۡرِنَا وَثَبِّتۡ أَقۡدَامَنَا وَٱنصُرۡنَا عَلَى ٱلۡقَوۡمِ ٱلۡكَٰفِرِينَ۝١٤٧﴾ [آل عمران: 147]

---

[20] سورة آل عمران : 8.

[21] سورة آل عمران : 16.

[22] سورة آل عمران : 38.

[23] سورة آل عمران : 53.

11- واته: ﴿پەروەردگارا لە گوناهو هەڵەکانمان ببورەو لە زیادەڕەوی کاروبارمان خۆش ببە، دامەزراومان بکە، سەرمان بخە بەسەر ئەم گەلە بێباوەڕەدا﴾.[24]

﴿... رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَٰذَا بَٰطِلًا سُبْحَٰنَكَ فَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ ۝١٩١ رَبَّنَآ إِنَّكَ مَن تُدْخِلِ ٱلنَّارَ فَقَدْ أَخْزَيْتَهُۥ ۖ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ ۝١٩٢ رَّبَّنَآ إِنَّنَا سَمِعْنَا مُنَادِيًا يُنَادِى لِلْإِيمَٰنِ أَنْ ءَامِنُوا۟ بِرَبِّكُمْ فَـَٔامَنَّا ۚ رَبَّنَا فَٱغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَكَفِّرْ عَنَّا سَيِّـَٔاتِنَا وَتَوَفَّنَا مَعَ ٱلْأَبْرَارِ ۝١٩٣ رَبَّنَا وَءَاتِنَا مَا وَعَدتَّنَا عَلَىٰ رُسُلِكَ وَلَا تُخْزِنَا يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ۗ إِنَّكَ لَا تُخْلِفُ ٱلْمِيعَادَ ۝١٩٤﴾ [آل عمران: 191-194]

12- ﴿ ئەوانەی یادی خوا دەکەن لەکاتێکدا کە بەپێوەن یان دانیشتوون یان ڕاکشاوون (لە هیچ حاڵەتێکدا یادی ئەوزاتە فەرامۆش ناکەن)، هەمیشە بیردەکەنەوە لە دروست بوونی ئاسمانەکان و زەوی (بیردەکەنەوە لە هەموو وردەکاریەک، سەرنجی هەموو دیاردەیەک دەدەن، سەرئەنجام دەڵێن): پەروەردگارا تۆ ئەم هەموو دروست کراوانەت بێ هودە و بێ ئامانج دروست نەکردووە، پاکی و بێگەردیی شایستەی تۆیە، دە تۆش بمانپارێزە لە سزای ئاگری دۆزەخ. (191) پەروەردگارا بەڕاستی تۆ هەرکەس بخەیتە ناو ئاگری دۆزەخەوە، ئەوە ئیتر شەرمەزارو ڕیسواو خەجاڵەتت کردووە، (جا بێگومان لەوێ) ستەمکاران هیچ جۆرە پشتیوانێکیان نیە. (192) پەروەردگارا؛ بەڕاستی ئێمە گوێمان لە بانگخوازێک بوو، بانگی کردین بۆ ئیمان و (دەیفەرموو): ئیمان بهێنن بە پەروەردگارتان جا ئێمەش (بێ دوودڵی)، خێرا باوەڕمان هێناو (وتمان): پەروەدگارا؛ دەتۆش لەگوناهو هەڵەکانمان خۆش ببە، چاوپۆشی بکە لەکردارە ناپەسەندەکانمان و (لەسەر ڕێبازی) چاکان و (بەختەوەران) بمانمرێنە و لەگەڵ ئەواندا کۆمان بکەرەوە. (193) پەروەردگارا؛ ئەو بەڵێنانەشمان بۆ ئەنجام بدە کە لەسەر زاری پێغەمبەرانتدا بەئێمەت داوە (کە سەرکەوتنە لە دنیاداو بەهەشتی بەرینە لە داهاتوودا) و لە ڕۆژی قیامەتیشدا خەجاڵەت و ڕوو زەردمان مەکە، بێگومان تۆ بەڵێن شکێن نیت و بەڵێنی خۆت دەبەیتە سەر (194)﴾.[25]

﴿... رَبَّنَآ ءَامَنَّا فَٱكْتُبْنَا مَعَ ٱلشَّٰهِدِينَ ۝٨٣﴾ [المائدة: 83]

---

[24] سورة آل عمران : 147.

[25] سورة آل عمران.

13- واتە: ﴿(پەروەردگارا ئێمە ئیمان و باوەڕمان هێناوە (بە ئاینی ئیسلام) دە تۆش لە ڕیزی (پەیرەوان) و شایەتەکاندا تۆمارمان بکە﴾.[26]

﴿... رَبَّنَا ظَلَمْنَآ أَنفُسَنَا وَإِن لَّمْ تَغْفِرْ لَنَا وَتَرْحَمْنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلْخَـٰسِرِينَ﴿٢٣﴾﴾ [الأعراف:23]

14- واتە: ﴿پەروەردگارا ئێمە ستەممان لە خۆمان کرد، خۆ ئەگەر لێمان خۆش نەبیت و بەزەییت پێماندا نەیەتەوە، ئەوە بەڕاستی ئێمە سوێند بە خوا لە خەسارەتمەند و زەرەرمەندانین﴾.[27]

﴿*...رَبَّنَا لَا تَجْعَلْنَا مَعَ ٱلْقَوْمِ ٱلظَّـٰلِمِينَ﴿٤٧﴾﴾ [الأعراف: 47]

15- واتە: ﴿پەروەدگارا مەمانگێڕە لەگەڵ دەستەی ستەمکاراندا﴾.[28]

﴿... أَنتَ وَلِيُّنَا فَٱغْفِرْ لَنَا وَٱرْحَمْنَا ۖ وَأَنتَ خَيْرُ ٱلْغَـٰفِرِينَ ﴿١٥٥﴾ * وَٱكْتُبْ لَنَا فِى هَـٰذِهِ ٱلدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِى ٱلْـَٔاخِرَةِ ...﴿١٥٦﴾﴾ [الأعراف: 155-156]

16-ا ئەی خودایە ﴿ هەر تۆ وەلی و پەنای ئێمەی، جا (داواکارین) لێمان خۆش ببیت و بەزەییت پیاماندا بێتەوە، تۆ چاکترینی چاوپۆشیکەرانی (155) داواکارین کە لە دنیادا چاکەمان بۆ پێش بهێنیت و لە قیامەتیشدا (156)﴾[29]

﴿... حَسْبِىَ ٱللَّهُ لَآ إِلَـٰهَ إِلَّا هُوَ ۖ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ ۖ وَهُوَ رَبُّ ٱلْعَرْشِ ٱلْعَظِيمِ﴿١٢٩﴾﴾ [التوبة: 129]

17- واتە: ﴿من خوام بەسە یارو یاوەرم بێت، کە پشتگیرو یاریدەدەرم بێت، هیچ خوایەک نیە جگە لەو، هەر پشت بەو دەبەستم، ئەو زاتەش پەروەردگاری عەرشی گەورەیە﴾.[30].

---

[26] سورة المائدة : 83.

[27] سورة الأعراف : 23.

[28] سورة الأعراف : 47.

[29] سورة الأعراف : 155 -156.

[30] سورة التوبة : 129.

﴿... رَبَّنَا لَا تَجۡعَلۡنَا فِتۡنَةٗ لِّلۡقَوۡمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ٨٥ وَنَجِّنَا بِرَحۡمَتِكَ مِنَ ٱلۡقَوۡمِ ٱلۡكَٰفِرِينَ ٨٦﴾ [يونس: 85-86]

18- ﴿ڕپەروەردگارا مەمانگێڕە بەهۆکاری سەرگەردانی بۆ قەومی ستەمکاران (کە هەم ئێمە ئازار بدەن هەم خۆشیان گوناهبار بن و دوور بکەونەوە لە ئیمان) (85) وهەروەها بەڕەحمەت و میهرەبانی خۆت (دەرووی خێرمان لێ بکەرەوە) ڕزگارمان بکە لە دەست هۆزو دەستەی بێباوەڕان (86)﴾.[31]

﴿... رَبِّ إِنِّيٓ أَعُوذُ بِكَ أَنۡ أَسۡـَٔلَكَ مَا لَيۡسَ لِي بِهِۦ عِلۡمٞۖ وَإِلَّا تَغۡفِرۡ لِي وَتَرۡحَمۡنِيٓ أَكُن مِّنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ ٤٧﴾ [هود: 47]

19- واتە: ﴿ئەی پەروەردگارم، بەڕاستی من پەنا دەگرم بۆ تۆ کە داوای شتێك بکەم زانیاریم پێی نەبێت، خۆ ئەگەر لێم خۆش نەبیت و بەزەییت پێمدا نەیەتەوە ئەوە دەچمە ڕیزی خەسارەتمەندانەوە﴾.[32]

﴿...ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ أَنتَ وَلِيِّۦ فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِۖ تَوَفَّنِي مُسۡلِمٗا وَأَلۡحِقۡنِي بِٱلصَّٰلِحِينَ ١٠١﴾ [يوسف: 101]

20- واتە: خودایە ئەی ﴿بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوی، تۆ پشت و پەنا و یارو یاوەری منیت لە دنیاو قیامەتدا، داواکارم کە بە موسڵمانی بم مرێنیت و بمخەیتە ڕیزی پاکانەوە و بمگەیەنیت بەکاروانی چاکان﴾.[33]

﴿رَبِّ ٱجۡعَلۡ هَٰذَا ٱلۡبَلَدَ ءَامِنٗا وَٱجۡنُبۡنِي وَبَنِيَّ أَن نَّعۡبُدَ ٱلۡأَصۡنَامَ ٣٥﴾ [إبراهيم: 35]

21- واتە: ﴿پەروەردگارا، باڵی هێمنی و ئاسایش بکێشە بەسەر ئەم شارو وڵاتەداو خۆم و نەوەکانیشم بپارێزە لەوەی کە بتەکان بپەرستین﴾.[34]

---

[31] سورة یونس : 85 -86.

[32] سورة هود : 47.

[33] سورة یوسف : 101،وبۆ سوودی زیاتر سەیری ئەم کتێبە بکە : الفوائد ؛ابن القيم، ل 436، و437.

[34] سورة إبراهیم : 35.

﴿رَبِّ ٱجۡعَلۡنِي مُقِيمَ ٱلصَّلَوٰةِ وَمِن ذُرِّيَّتِيۚ رَبَّنَا وَتَقَبَّلۡ دُعَآءِ﴿٤٠﴾﴾ [إبراهيم: 40]

22- واته: ﴿پەروەردگارا، خۆم و نەوەكانم بگێڕە لەو كەسانەی كە ئەنجامدەری نوێژ بين بەچاكی، پەروەردگارا، دوعاو نزام گيرا بكە﴾.[35]

﴿رَبَّنَا ٱغۡفِرۡ لِي وَلِوَٰلِدَيَّ وَلِلۡمُؤۡمِنِينَ يَوۡمَ يَقُومُ ٱلۡحِسَابُ﴿٤١﴾﴾ [إبراهيم: 41]

23- واته: ﴿پەروەردگارا، لەخۆم و دايک و باوكم و ئيمانداران خۆش ببە، لەو ڕۆژەدا كە لێپرسينەوە بەرپا دەبێت﴾.[36]

﴿... رَبَّنَآ ءَاتِنَا مِن لَّدُنكَ رَحۡمَةٗ وَهَيِّئۡ لَنَا مِنۡ أَمۡرِنَا رَشَدٗا﴿١٠﴾﴾ [الكهف: 10]

24- واته: ﴿پەروەردگارا لەلايەن خۆتەوە ڕەحمەت و ميهرەبانی تايبەتيمان پێ ببەخشە و لە سۆزی خۆت بەهرەوەرمان بكەو ڕێگەی ڕزگاری و سەرفرازيمان بۆ بسازێنە لەم كارەماندا﴾.[37]

﴿قَالَ رَبِّ ٱشۡرَحۡ لِي صَدۡرِي﴿٢٥﴾ وَيَسِّرۡ لِيٓ أَمۡرِي﴿٢٦﴾ وَٱحۡلُلۡ عُقۡدَةٗ مِّن لِّسَانِي﴿٢٧﴾ يَفۡقَهُواْ قَوۡلِي﴿٢٨﴾﴾ [طه: 25-28]

25- ﴿ پەروەردگارا سينە و دڵ و دەروونم ئاسوودە وشاد بكە (25) ئيش و كارو هەوڵ و كۆششم بۆ ئاسان بكە (26) گرێی زمانم بكەرەوە و زمانم گۆيا و پاراو بكە (27) تا لە قسەو گوفتارو مەرامم تێبگەن (28)﴾[38]

﴿... رَّبِّ زِدۡنِي عِلۡمٗا﴿١١٤﴾﴾ [طه: 114]

26- واته: ﴿پەروەردگارا، بەردەوام زانست و زانياری زۆرترو زياترم پێ ببەخشە﴾.[39]

﴿... لَّآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنتَ سُبۡحَٰنَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ﴿٨٧﴾﴾ [الأنبياء: 87]

---

35 سورة إبراهيم : 40.

36 سورة إبراهيم : 41.

37 سورة الكهف : 10.

38 سورة طه : 25-28.

39 سورة طه : 114.

27- واته: ﴿پەروەردگارا هیچ پەستراوێک شایستەی پەرستن نیە بەهەق جگە لە تۆ، پاکی و بێگەردی هەر بۆ تۆیە، بەڕاستی من لە ستەمکاران بووم (کاتێک بە بێ فەرمانی تۆ قەومەکەم بەجێهێشت)﴾.[40]

﴿وَزَكَرِيَّآ إِذۡ نَادَىٰ رَبَّهُۥ رَبِّ لَا تَذَرۡنِي فَرۡدٗا وَأَنتَ خَيۡرُ ٱلۡوَٰرِثِينَ ٨٩﴾ [الأنبياء: 89]

28- واته: ﴿پەروەردگارا؛ من بە تەنهای مەهێڵەرەوە (نەوەیەکی چاک و پاکم پێ ببەخشە) تۆیش چاکترین زاتێکی لە پاش من و هەموو مردوویەک دەمێنیتەوە﴾.[41]

﴿وَقُل رَّبِّ أَعُوذُ بِكَ مِنۡ هَمَزَٰتِ ٱلشَّيَٰطِينِ ٩٧ وَأَعُوذُ بِكَ رَبِّ أَن يَحۡضُرُونِ ٩٨﴾ [المؤمنون: 97-98]

29- ﴿ پەروەردگارا من پەنا دەگرم بە تۆ لەهەموو خەتەرەو خەیاڵ و وەسوەسەی شەیتانەکان. (97) پەنا دەگرم بە تۆ ئەی پەروەردگارم کە شەیتانەکان بەدەورمدا کۆ ببنەوەو (سەرم لێ بشێوێنن) (98)﴾[42]

﴿... رَبَّنَآ ءَامَنَّا فَٱغۡفِرۡ لَنَا وَٱرۡحَمۡنَا وَأَنتَ خَيۡرُ ٱلرَّٰحِمِينَ ١٠٩﴾ [المؤمنون: 109]

30- واته: ﴿پەروەردگارا ئێمە ئیمان و باوەڕی دامەزراومان بە زاتی تۆ هێناوە، دە، لێمان خۆش ببەو ڕەحممان پێ بکە چونکە تۆ چاکترین زاتێکی کە لە هەموو خاوەن ڕەحم و سۆزەکان میهرەبانتریت﴾.[43]

﴿... رَبَّنَا ٱصۡرِفۡ عَنَّا عَذَابَ جَهَنَّمَۖ إِنَّ عَذَابَهَا كَانَ غَرَامًا ٦٥﴾ [الفرقان: 65]

31- واته: ﴿پەروەردگارا: لە گوناهو هەڵەکانم خۆش ببەو ڕەحمم پێ بکە چونکە تۆ لە هەموو میهرەبانان میهرەبانتریت﴾.[44]

---

[40] سورة الأنبياء : 87.

[41] سورة الأنبياء : 89.

[42] سورة المؤمنون : 97 -98.

[43] سورة المؤمنون : 109.

﴿وَٱلَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا ٱصۡرِفۡ عَنَّا عَذَابَ جَهَنَّمَۖ إِنَّ عَذَابَهَا كَانَ غَرَامًا ٦٥ إِنَّهَا سَآءَتۡ مُسۡتَقَرّٗا وَمُقَامٗا ٦٦﴾ [الفرقان: 65-66]

32- ﴿ ئەوانەی کە دەڵێن: پەروەردگارا، لەسزای ئاگری دۆزەخ بەدوورمان بکە و پەنامان بدە، چونکە سزاو ئازاری لە کۆڵ نابێتەوە و بەردەوامە (بۆ ئەوکەسەی خوانەناس و یاخیە). (65) بەڕاستی ئەو دۆزەخە شوێن و نیشتەجێیەکی زۆر ناخۆش و ناسازە (ئاهو ناڵەو پەشیمانی بێ سنوورە تیایدا) (66)﴾.[45]

﴿... رَبَّنَا هَبۡ لَنَا مِنۡ أَزۡوَٰجِنَا وَذُرِّيَّٰتِنَا قُرَّةَ أَعۡيُنٖ وَٱجۡعَلۡنَا لِلۡمُتَّقِينَ إِمَامًا ٧٤﴾ [الفرقان:74]

33- واتە: ﴿پەروەردگارا لە هاوسەران و نەوەکانمان کەسانێکمان پێ ببەخشە کە ببنە مایەی ڕووناکی دیدەمان و شادی دڵمان و بمان کە بە پێشەوا بۆ خواناسان﴾.[46]

﴿رَبِّ هَبۡ لِي حُكۡمٗا وَأَلۡحِقۡنِي بِٱلصَّٰلِحِينَ ٨٣ وَٱجۡعَل لِّي لِسَانَ صِدۡقٖ فِي ٱلۡأٓخِرِينَ ٨٤ وَٱجۡعَلۡنِي مِن وَرَثَةِ جَنَّةِ ٱلنَّعِيمِ ٨٥﴾ [الشعراء: 83-85]

34- ﴿ (ئینجا ئیبراهیم نزای کردو وتی) پەروەردگارا: زانیاری ودانایی و دەسەڵاتی تەواوم پێ ببەخشە و پەیوەستم بکە بە چاکەکارانەوە. (83) پەروەردگارا؛ یادی خێرم با لەسەر زاری نەوەکانی داهاتوودا بمێنێت. (84) بمگێڕە لە ئەو کەسەناش کە بەهەشتی پڕ لە نازو نیعمەت بەدەست دەهێنن و دەبنە خاوەنی (85)﴾[47]

﴿وَلَا تُخۡزِنِي يَوۡمَ يُبۡعَثُونَ ٨٧ يَوۡمَ لَا يَنفَعُ مَالٞ وَلَا بَنُونَ ٨٨ إِلَّا مَنۡ أَتَى ٱللَّهَ بِقَلۡبٖ سَلِيمٖ ٨٩﴾ [الشعراء: 87-89]

---

[44] سورة المؤمنون : 118.

[45] سورة الفرقان : 65 -66.

[46] سورة الفرقان : 84.

[47] سورة الشعراء : 83-85.

35- ﴿لە ڕۆژی زیندوو بوونەوەی ئەو خەڵکەدا شەرمەزارو خەجاڵەتم مەکە. (87) ئەو ڕۆژەی نە ماڵ سوود دەبەخشێت و (فریای ئادەمیزاد دەکەوێت) نە منداڵ و نەوە. (88) مەگەر کەسێک بە دڵ و دەروونی پاک و بێگەردو پڕ لە ئیمان، بە خزمەت پەروەردگار گەیشتبێت (89)﴾.[48]

﴿... رَبِّ أَوۡزِعۡنِيٓ أَنۡ أَشۡكُرَ نِعۡمَتَكَ ٱلَّتِيٓ أَنۡعَمۡتَ عَلَيَّ وَعَلَىٰ وَٰلِدَيَّ وَأَنۡ أَعۡمَلَ صَٰلِحٗا تَرۡضَىٰهُ وَأَدۡخِلۡنِي بِرَحۡمَتِكَ فِي عِبَادِكَ ٱلصَّٰلِحِينَ ١٩﴾ [النمل: 19]

36- واتە: ﴿پەروەردگارا، یارمەتیم بدە دڵ و دەروون و ڕۆح وگیانم کۆبکەرەوە، تا سوپاسگوزاری نازو نیعمەتەکانت بم کە بەسەر من و دایک وباوکمدا ڕژاندووتە، هەروەها کۆمەکیم بکە تا کاروکردەوەی چاکە ئەنجام بدەم کە تۆ پێی ڕازیی بیت و بە ڕەحمەت و میهرەبانی خۆت بمخەرە ڕیزی بەندە چاکەکانتەوە﴾.[49]

﴿قَالَ رَبِّ إِنِّي ظَلَمۡتُ نَفۡسِي فَٱغۡفِرۡ لِي فَغَفَرَ لَهُۥٓۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلۡغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ١٦﴾ [القصص:16]

37- واتە: ﴿پەروەردگارە من بەڕاستی ستەمم لە خۆم کرد کاتێك لە دەستم دەرچوو ئەو کابرایەم کوشت، لێم ببوورە و بمبەخشە﴾.[50]

﴿... رَبِّ نَجِّنِي مِنَ ٱلۡقَوۡمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ٢١﴾ [القصص: 21]

38- واتە: ﴿پەروەردگارا لە دەست قەومی ستەمکار ڕزگارم بکە﴾.[51]

﴿... عَسَىٰ رَبِّيٓ أَن يَهۡدِيَنِي سَوَآءَ ٱلسَّبِيلِ ٢٢﴾ [القصص: 22]

39- واتە: ﴿ئومێدەوارم کە پەروەردگارم ڕێنموویم بکات بۆ شوێن و جێگەیەکی ڕاست و دروست (دوور لە کێشە و ناخۆشی)﴾[52]

---

[48] سورة الشعراء : 87- 89.

[49] سورة النمل : 19.

[50] سورة القصص : 16.

[51] سورة القصص : 21.

﴿... رَبِّ إِنِّي لِمَآ أَنزَلۡتَ إِلَيَّ مِنۡ خَيۡرٖ فَقِيرٞ ٢٤﴾ [القصص: 24]

40- واته: ﴿پەروەردگارا بەڕاستی تۆ خێرو بێری زۆرت بەسەردا ڕژاندووم، بەڵام هێشتا هەژاري بەخششی زیاترم﴾.[53]

﴿قَالَ رَبِّ ٱنصُرۡنِي عَلَى ٱلۡقَوۡمِ ٱلۡمُفۡسِدِينَ ٣٠﴾ [العنكبوت: 30]

41- واته: ﴿پەروەردگارە، سەرکەوتنم پێ ببەخشە بەسەر تاقم وگرۆهی ستەمکاران﴾.[54]

﴿رَبِّ هَبۡ لِي مِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ١٠٠﴾ [الصافات: 100]

42- واته: ﴿پەروەردگارا نەوەیەکی چاک و پاکم پێ ببەخشە﴾.[55]

﴿...رَبِّ أَوۡزِعۡنِيٓ أَنۡ أَشۡكُرَ نِعۡمَتَكَ ٱلَّتِيٓ أَنۡعَمۡتَ عَلَيَّ وَعَلَىٰ وَٰلِدَيَّ وَأَنۡ أَعۡمَلَ صَٰلِحٗا تَرۡضَىٰهُ وَأَصۡلِحۡ لِي فِي ذُرِّيَّتِيٓۖ إِنِّي تُبۡتُ إِلَيۡكَ وَإِنِّي مِنَ ٱلۡمُسۡلِمِينَ ١٥﴾ [الأحقاف: 15]

43- واته: ﴿پەروەردگار!! کۆمەکیم بکەو یارمەتیم بدەتا شوکرانەبژێر و سوپاسگوزاری ئەو نازو نیعمەتانە بم کەبەمن و دایک و باوکمت بەخشیوە، هەروەها یارمەتیم بدەلەو جۆرە کاروکردەوەچاکانەئەنجام بدەم، کەتۆ پێی ڕازیت، داواکاریشم چاکەبروێنیت لەناو نەوەکانمدا لەبەر قازانجی خۆم ( چاکەی هەرکەس بەشی دایک و باوکی تیادایە ) بەڕاستی من گەڕاومەتەوە بۆلای تۆ، تا لەگوناهەکانم خۆش ببیت و من لەموسڵمانانی گوێڕایەڵ و فەرمانبەردارم﴾.[56]

﴿... رَبَّنَا ٱغۡفِرۡ لَنَا وَلِإِخۡوَٰنِنَا ٱلَّذِينَ سَبَقُونَا بِٱلۡإِيمَٰنِ وَلَا تَجۡعَلۡ فِي قُلُوبِنَا غِلّٗا لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ رَبَّنَآ إِنَّكَ رَءُوفٞ رَّحِيمٌ ١٠﴾ [الحشر: 10]

---

[52] سورة القصص : 22.

[53] سورة القصص : 24.

[54] سورة العنكبوت : 30.

[55] سورة الصافات : 100.

[56] سورة الأحقاف : 15.

44- واته: ﴿پەروەردگارا لە ئێمە و لەوبرایانەشمان خۆش ببە کە پێش ئێمە ڕێبازی ئیمانیان گرتەبەر و لە دڵەکانماندا هیچ جۆرە بوغزو کینەیەک مەخەرە دڵمانەوە لە ئاستی ئەوانەی ئیمانیان هێناوە، پەروەردگارا تۆ بەڕاستی بەسۆزو بەخشندە و میهرەبانیت﴾.[57]

﴿... رَّبَّنَا عَلَيۡكَ تَوَكَّلۡنَا وَإِلَيۡكَ أَنَبۡنَا وَإِلَيۡكَ ٱلۡمَصِيرُ﴿٤﴾﴾ [الممتحنة: 4]

45- واته: ﴿پەروەردگارا، هەر پشتمان بە تۆ بەستووە و هەر بۆ لای تۆش گەڕاوینەتەوە، سەرەنجامیش هەر بۆ لای تۆیە﴾.[58]

﴿رَبَّنَا لَا تَجۡعَلۡنَا فِتۡنَةً لِّلَّذِينَ كَفَرُواْ وَٱغۡفِرۡ لَنَا رَبَّنَآۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ﴿٥﴾﴾ [الممتحنة: 5]

46- واته: ﴿پەروەردگارا مەمانکە بە فیتنە بۆ کافرەکان -بەدەستی ئەوان سزامان مەدە وئەوان زاڵ مەکە بەسەرماندا یان تۆ سزامان مەدە تا کافرەکان نەڵێن ئەگەر ئەمانە لەسەر هەق بوونایە خوا سزای نەئەدان-، لێشما خۆش ببە پەروەردگارمان، بەڕاستی هەر تۆ خوایەکی باڵادەست و دانایت﴾.[59]

﴿... رَبَّنَآ أَتۡمِمۡ لَنَا نُورَنَا وَٱغۡفِرۡ لَنَآۖ إِنَّكَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ﴿٨﴾﴾ [التحريم: 8]

47- واته: ﴿پەروەردگارا ئەم نوورو ڕووناکیەمان بۆ زیاد بکەو لێمان خۆش ببە، چونکە بەڕاستی تۆ دەسەڵاتت بەسەر هەموو شتێکدا هەیە﴾.[60]

﴿رَّبِّ ٱغۡفِرۡ لِي وَلِوَٰلِدَيَّ وَلِمَن دَخَلَ بَيۡتِيَ مُؤۡمِنٗا وَلِلۡمُؤۡمِنِينَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتِۖ وَلَا تَزِدِ ٱلظَّٰلِمِينَ إِلَّا تَبَارَۢا﴿٢٨﴾﴾ [نوح: 28]

48- واته: ﴿پەروەردگارا؛ لە خۆم و دایك و باوکم و ئەوانە خۆش ببە کە دێنە ماڵم؛ بە ئیمان و باوەڕەوە، هەروەها لە ئیمانداران پیاوان وئافرەتان خۆش ببە﴾.[61]

---

[57] سورة الحشر : 10.

[58] سورة الممتحنة : 4.

[59] سورة الممتحنة : 5.

[60] سورة التحريم : 8.

﴿...فَهَدَى ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لِمَا ٱخْتَلَفُواْ فِيهِ مِنَ ٱلْحَقِّ بِإِذْنِهِۦۗ وَٱللَّهُ يَهْدِى مَن يَشَآءُ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ﴿٢١٣﴾﴾ [البقرة: 213]

49- واته: ﴿خودایه هیدایه‌ت و ڕێنموویم بكه بۆ دۆزینه‌وه‌ی حه‌ق و په‌یڕه‌وی كردنی له نێوان ئه‌و مه‌سه‌لانه‌ی كه كێشه هه‌یه له سه‌ری به ئیزنی خۆت وتۆ هه‌ركه‌سێک بته‌وێت ڕێنموویی ده‌كه‌یت (كه شایسته بێت) بۆ ڕێگه و ڕێبازی ڕاست و دروست﴾[62].

﴿يُؤْتِى ٱلْحِكْمَةَ مَن يَشَآءُۚ وَمَن يُؤْتَ ٱلْحِكْمَةَ فَقَدْ أُوتِىَ خَيْرًا كَثِيرًاۗ وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّآ أُوْلُواْ ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿٢٦٩﴾﴾ [البقرة: 269]

50- واته: ﴿خودایه حیكمه‌ت ودانایيم پێببه‌خشته ئه‌گه‌ر هه‌ركه‌سێک حیكمه‌ت و دانایی پێ ببه‌خشیت ئه‌وا بێگومان خێرێكی زۆری پێدراوه﴾[63].

﴿يُثَبِّتُ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱلْقَوْلِ ٱلثَّابِتِ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَفِى ٱلْءَاخِرَةِۖ ...﴿٢٧﴾﴾ [إبراهيم:27]

51- واته: ﴿خودایه جێگیرم بكه له‌سه‌ر گوفتاری به‌جێ و دروست له ژیانی دونیادا ، و - له‌سه‌ره‌مه‌رگ- و له قیامه‌تیشدا﴾[64].

﴿... ٱللَّهَ حَبَّبَ إِلَيْكُمُ ٱلْإِيمَٰنَ وَزَيَّنَهُۥ فِى قُلُوبِكُمْ وَكَرَّهَ إِلَيْكُمُ ٱلْكُفْرَ وَٱلْفُسُوقَ وَٱلْعِصْيَانَۚ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلرَّٰشِدُونَ ﴿٧﴾﴾ [الحجرات: 7]

52- واته: ﴿خودایه ئیمان و باوه‌ڕ له‌لامان خۆشه‌ویست بكه و له‌دڵ و ده‌روونماندا بیڕازێنه‌وه، و كوفر و بێ باوه‌ڕی وگوناهـ و یاخی بوون له‌فه‌رمانت لامان تاڵ و ناشیرین بكه، خودایه له ئه‌وانه بین كه ڕێگه‌ی ژیری و سه‌رفرازیان گرتۆته‌به‌ر﴾[65].

---

61 سورة نوح : 28.

62 وەرگیراوە لە -سورة البقرة- : 213.

63 وەرگیراوە لە -سورة البقرة- : 269.

64 وەرگیراوە لە -سورة إبراهيم- : 27.

65 وەرگیراوە لە -سورة الحجرات- : 7.

﴿فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ مَا ٱسۡتَطَعۡتُمۡ وَٱسۡمَعُواْ وَأَطِيعُواْ وَأَنفِقُواْ خَيۡرٗا لِّأَنفُسِكُمۡۗ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفۡسِهِۦ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ١٦﴾ [التغابن: 16]

53- واته: ﴿خودایه له ڕەزیلی و ڕژدی نەفسی خۆم بمپارێزه، وله ئەوانه بم كه سەرفرازن﴾[66].

54-((اللهمّ آتنا في الدنيا حسنة، وفي الآخرة حسنة وقنا عذاب النار))

واته: ((خودایه له دونیادا خێر و چاكه و ناز و نیعمەتمان پێ ببەخشه، و له قیامەتیشدا له ناز و نیعمەتەكانی بەهەشت بەهرەمەندمان بكه، و له سزای ئاگری دۆزەخ بمانپارێزه))[67].

55-((اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ فِتْنَةِ النَّارِ وَعَذَابِ النَّارِ، وَفِتْنَةِ الْقَبْرِ، وَعَذَابِ الْقَبْرِ، وَشَرِّ فِتْنَةِ الْغِنَى، وَشَرِّ فِتْنَةِ الْفَقْرِ، اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ فِتْنَةِ الْمَسِيحِ الدَّجَّالِ، اللَّهُمَّ اغْسِلْ قَلْبِي بِمَاءِ الثَّلْجِ وَالْبَرَدِ، وَنَقِّ قَلْبِي مِنْ الْخَطَايَا كَمَا نَقَّيْتَ الثَّوْبَ الْأَبْيَضَ مِنْ الدَّنَسِ، وَبَاعِدْ بَيْنِي وَبَيْنَ خَطَايَايَ كَمَا بَاعَدْتَ بَيْنَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ. اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ الْكَسَلِ وَالْمَأْثَمِ وَالْمَغْرَمِ))

واته: ((خوایه من پەنات پێدەگرم له فیتنەی ئاگر و سزای دۆزەخ ، وه پەنات پێدەگرم له فیتنەی گۆڕ و سزای گۆڕ ، وه له خراپەی تاقیکردنەوەی دەوڵەمەندی ، وه له خراپەی تاقیکردنەوەی هەژاری و نەداری ، خوایه من پەنات پێدەگرم له فیتنه و تاقیکردنەوەی دەجالی چاو سڕاوه ، خوایه دڵم بشۆ به ئاوی بەفر و تەرزه ، وه دڵم پاك بكەرەوه له تاوانەكان هەروەكو چۆن جلێكی سپیت پاك كردبێتەوه له لەكه و پەڵه ، وه نێوان من و تاوانەكانم دوور بخەرەوه هەروەكو چۆن نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوات دوور خستووەتەوه ، خوایه من پەنات پێدەگرم له تەمبەڵی و تاوانباری و قەرزاری))[68].

56-((اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْعَجْزِ، وَالْكَسَلِ، وَالْجُبْنِ، وَالْهَرَمِ، والْبُخْلِ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ، وَمِنْ فِتْنَةِ الْمَحْيَا وَالْمَمَاتِ))

---

66 وەرگیراوه له -سورة التغابن- : 16.

67 البخاري : 4522 ، 6389 ، ومسلم : 2690 .

68 البخاري: 832، ومسلم: 589.

واته: ((خودایه؛ پەنا بە تۆ دەگرم لە بێدەسەڵاتی وتەمبەڵی وترسنۆکی وپیری وڕەزیلی، وپەنا بە تۆ دەگرم لە سزای نێو گۆڕ، وپەنا بە تۆ دەگرم لە فیتنە وتاقیکرنەوەی ژیان و مردن -کاتی سەرەمەرگ وپرسیارەکانی ناو گۆڕ-))[69].

57-((اللهمَّ إِنِّي أعُوذُ بِكَ مِنْ جَهْدِ الْبَلَاءِ، وَدَرَكِ الشَّقَاءِ، وَسُوءِ الْقَضَاءِ، وَشَمَاتَةِ الْأَعْدَاءِ))

واته: ((خودایە پەنات پێدەگرم لە بەڵا وتاقیکردنەوەی سەخت ونارەحەت، ولە قووڵی لێقەومان ومەینەتی، ولەقەزای خراپ، ولە دڵخۆشبوونی دوژمنان -بەهۆی ناخۆشیەکانەوە-))[70].

58-((اللَّهُمَّ أَصْلِحْ لِي دِينِي الَّذِي هُوَ عِصْمَةُ أَمْرِي، وَأَصْلِحْ لِي دُنْيَايَ الَّتِي فِيهَا مَعَاشِي، وَأَصْلِحْ لِي آخِرَتِي الَّتِي فِيهَا مَعَادِي، وَاجْعَلِ الْحَيَاةَ زِيَادَةً لِي فِي كُلِّ خَيْرٍ، وَاجْعَلِ الْمَوْتَ رَاحَةً لِي مِنْ كُلِّ شَرٍّ))

واته: ((خودایە ئاینداریەکی (دینداریەکی) چاکم پێ ببەخشە کە کار وکردەوەم لە هەڵە بپارێزێت، ودونیاشم بۆ چاک بکە کە ژیانمی تێدایە، وقیامەتیشم بۆ چاک بکە چونکە گەڕانەوەم بۆ ئەوێیە، وژیانم بۆ بکە بە هۆکاری زیادبوونی هەموو خێر وچاکەیەک، ومردنم بۆ بکە بە هۆکاری حەسانەوە لە هەموو شەڕ وخراپەیەک))[71].

59-((اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الْهُدَى، وَالتُّقَى، وَالْعَفَافَ، وَالْغِنَى))

---

69 البخاري : 2823 ، ومسلم : 2706 .

70 البخاري : 6347، ومسلم : 2707، وگێڕانەوەکە بەم شێوەیە: ((كان رسول الله -صلى الله عليه وسلم- يتعوذ من جهد البلاء، ودرك الشقاء، وسوء القضاء،وشماتة الأعداء)) واتە: ((پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پەنای بە خوا دەگرت لە بەڵا وتاقیکردنەوەی سەخت ونارەحەت، وقووڵی لێقەومان ومەینەتی، وقەزای بڕیار لەسەر دراوی خراپ، ودڵخۆشبوونی دوژمنان -بەهۆی ناخۆشیەکانەوە-)).

71 مسلم : 2720.

واته: ((خودایه من داوای هیدایەت وتەقواداری وپارێزگاری (داوێن پاکی) ودەوڵەمەندیت لێدەکەم))[72].

60-((اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْعَجْزِ، وَالْكَسَلِ، وَالْجُبْنِ، وَالْبُخْلِ، وَالْهَرَمِ، وَعَذَابِ الْقَبْرِ، اللَّهُمَّ آتِ نَفْسِي تَقْوَاهَا، وَزَكِّهَا أَنْتَ خَيْرُ مَنْ زَكَّاهَا، أَنْتَ وَلِيُّهَا وَمَوْلَاهَا، اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ عِلْمٍ لَا يَنْفَعُ، وَمِنْ قَلْبٍ لَا يَخْشَعُ، وَمِنْ نَفْسٍ لَا تَشْبَعُ، وَمِنْ دَعْوَةٍ لَا يُسْتَجَابُ لَهَا))

واته: ((خودایه؛ من پەنات پێدەگرم لە بێ دەسەڵاتی وتەمبەڵی وترسنۆکی ورەزیلی وپیری وسزای گۆڕ، خودایه؛ ویستی خۆپاراستن لە تاوان ببەخشە بە ناخ ودەروونم، وپاك وخاوێنی بکەرەوە لە ویستی تاوان وخراپەکردن چونکە تۆ باشترین کەسیت کە خاوێنی بکەیتەوە، خوایە؛ تۆ سەرپەشتیار وخاوەنی ناخ ودەروونمی، خوایە؛ من پەنات پێدەگرم لە زانستێك کە سوودی نەبێت، ولە دڵێك کە لە تۆ نەترسێت، و لە نەفس ودەروونێك کە تێر نەبێت، و لە پاڕانەوەیەك کە وەڵام نەدرێتەوە))[73].

61-((اللَّهُمَّ اهْدِنِي وَسَدِّدْنِي، اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الْهُدَى وَالسَّدَادَ))

واته: ((خودایه داوای هیدایەت وجێگربوون وبەردەوامیم لە تۆ دەکەم لەسەر ڕێگای ڕاست -لەسەر ئیستیقامەت-))[74].

62-((اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ زَوَالِ نِعْمَتِكَ، وَتَحَوُّلِ عَافِيَتِكَ، وَفُجَاءَةِ نِقْمَتِكَ، وَجَمِيعِ سَخَطِكَ))

واته: ((خودایه پەنات پێدەگرم: لە نەمانی نیعمەتەکانت لەسەرم، ولە نەمانی لەش ساغیم، و لەناکاوی سزاکانت، ولە هەموو تورەییەکت))[75].

63-((اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ مَا عَمِلْتُ، وَمِنْ شَرِّ مَا لَمْ أَعْمَلْ

---

[72] مسلم : 2721.

[73] مسلم : 2722.

[74] مسلم : 2725.

[75] مسلم: 2739.

)) واتە: ((خوایە من پەنات پێدەگرم لە خراپەی ئەو کردەوانەی وا کردوومە ، وە لە خراپەی ئەو کردەوانەش وا نەمکردوون))[76].

64-((اللَّهُمَّ أَكْثِرْ مَالِي، وَوَلَدِي، وَبَارِكْ لِي فِيمَا أَعْطَيْتَنِي)) واتە: ((خوای گەورە ماڵ وسامان ونەوەم زیادە بکە، وبەرەکەتم پێببەخشە لەوەی پێمت داوە))[77]، (([وَأَطِلْ حَيَاتِي عَلَى طَاعَتِكَ، وَأَحْسِنْ عَمَلِي،] وَاغْفِرْ لِي))

واتە: (([وتەمەنم زیاد بکە لەسەر پەرستن وگوێڕایەڵیت، وکردەوەکانم چاک بکە،] ولێم خۆشبە))[78].

65-((لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ الْعَظِيمُ الْحَلِيمُ، لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ رَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ، لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ رَبُّ السَّمَوَاتِ، وَرَبُّ الْأَرْضِ، وَرَبُّ الْعَرْشِ الْكَرِيمِ))

واتە: ((هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نیە کە شایەنی پەرستن بێت جگە لە اللهی مەزن ومیهرەبان، هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نییە کە شایەنی پەرستن بێت جگە لە الله؛ پەروەردگاری عەرشی مەزن، هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نیە کە شایەنی پەرستن بێت جگە لە الله؛ پەروەردگاری ئاسمانەکان وزەوی وعەرش))[79].

---

76 مسلم: 2716.

77 ئەوەی ئاماژەیە بۆی نزای پێغەمبەرە -صلى الله عليه وسلم- بۆ ئەنەس: ((اللهمّ أكثر ماله، وولده، وبارك له فيما أعطيته)) واتە: ((خوای گەورە ماڵ وسامان ونەوەی زیادە بکە، وبەرەکەتی پێببەخشە لەوەی پێیبت داوە)) البخاري : 1982، ومسلم: 660.

78 البخاري له الأدب المفرد : 653، وبە سەحیحی داناوە الألباني لە سلسلة الأحاديث الصحيحة: 2241 ، ولە صحيح الأدب المفرد : 244 ، وئەوەی لەنێو دوو کەوانە وەستاوەکەیە -[ ]- ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئاماژەی بۆ دەکات، « عندما سئل: من خير الناس؟ فقال: ((من طال عمره وحسن عمله))» واتە: «کاتێک پرسیاری لێکرا : خێرترین وباشترینی نێو خەڵکی کێیە؟ فەرمووی: ((ئەوەی تەمەنی درێژ بێت وکردەوەی چاک بێت))»، الترمذي: 2329، وأحمد: 17716، وبە سەحیحی داناوە الألباني لە صحيح الترمذي: 271/2، وپرسیارم لە شێخمان ئیبن باز کرد -ڕەحمەتی خوای لێبێت- سەبارەت بە نزاکردن بەم شێوەیە؟ ووتی: (بەڵێ، هیچی تێدا نیە).

79 البخاري : 6345، ومسلم : 2730.

66-((اللَّهُمَّ رَحْمَتَكَ أَرْجُو فَلَا تَكِلْنِي إِلَى نَفْسِي طَرْفَةَ عَيْنٍ، وَأَصْلِحْ لِي شَأْنِي كُلَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ))

واته: ((خودايه ئومێدم به ڕەحم و بەزەیی تۆ هەیە و بە ئەندازەی چاو تروکاندنێکیش خۆم نەدەیتە دەستی خۆم و کار و باریشم بە چاکە بگێڕە، هیچ پەرستراوێک نییە، کە شایستەی پەرستن بێت، جگە لە تۆ))[80].

67-((لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ سُبْحَانَكَ إِنِّي كُنْتُ مِنَ الظَّالِمِينَ))

واته: ((هیچ پەرستراوێک شایستەی پەرستن نیە بە هەق جگە لە تۆ ، من لە ستەمکاران بووووم))[81].

68-((اللَّهُمَّ إِنِّي عَبْدُكَ ابْنُ عَبْدِكَ ابْنُ أَمَتِكَ، نَاصِيَتِي بِيَدِكَ، مَاضٍ فِيَّ حُكْمُكَ، عَدْلٌ فِيَّ قَضَاؤُكَ، أَسْأَلُكَ بِكُلِّ اسْمٍ هُوَ لَكَ سَمَّيْتَ بِهِ نَفْسَكَ، أَوْ أَنْزَلْتَهُ فِي كِتَابِكَ، أَوْ عَلَّمْتَهُ أَحَدًا مِنْ خَلْقِكَ، أَوِ اسْتَأْثَرْتَ بِهِ فِي عِلْمِ الْغَيْبِ عِنْدَكَ، أَنْ تَجْعَلَ الْقُرْآنَ رَبِيعَ قَلْبِي، وَنُورَ صَدْرِي، وَجَلَاءَ حُزْنِي، وَذَهَابَ هَمِّي))

واته: ((خوایە من بەندەی تۆم ، و کوڕی پیاوێکم کە بەندەی تۆیە ، وە کوڕی ئافرەتێکم کە بەندەی تۆیە ، پێشەسەرم لە دەستی تۆدایە ، حوکمی تۆ بەسەرمدا پەیڕەوکراوە ، بڕیاری تۆ بەسەرمدا ڕاست و دادپەروەرانەیە ، داوات لێدەکەم بە هەموو ناوێك کە ناوی خۆتت پێ ناوە ، یان فێری کەسێکت کردووە لە دروستکراوەکانت ، یان داتبەزاندووە لە کتێبەکەتدا ، یان تایبەتت کردووە بە

---

80 أبو داود : 5090، وأحمد : 42/5، وبه -حسن-ی داناوه الألباني له صحيح أبي داود : 3/ 250، وصحيح الأدب المفرد : 260، وئیسنادەکەی بە -حسن- دانراوە لەلایەن عەلامە ئیبن باز لە کتێبی (تحفة الأخيار، ل 24).

81 الترمذي: 3505، والحاكم، وبە سەحیحی داناوە -الذهبي-: 505/1، وبە سەحیحی داناوە -الألباني- لە صحيح الترمذي : 168/3، وگێڕانەوەکەی: ((دعوة ذي النون إذْ دعاه وهو في بطن الحوت: ((أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ سُبْحَانَكَ إِنِّي كُنْتُ مِنَ الظَّالِمِينَ ))، فإنه لم يدعُ بها رجل مسلم في شيء قط إلا استجاب الله له)) واتە: ((ئەو نزایەی کە -ذي النون- نزای پێکرد کاتێک لەنێو سکی نەهەنگەکەدا بوو : [هیچ پەرستراوێک شایستەی پەرستن نیە بە هەق جگە لە تۆ ، من لە ستەمکاران بووووم]، هەر مسوڵمانێک نزای پێبکات لەهەرشتێکدا ئەوا خوای گەورە وەڵامی دەداتەوە)).

خۆتەوە لە زانستی غەیبدا لای خۆت ، کەوا قورئان بکەیت بە بەهاری دڵم و ڕووناکی سینگم و هەڵگری پەژارەم و لابەری غەمم))[82].

69-((اللَّهُمَّ مُصَرِّفَ الْقُلُوبِ صَرِّفْ قُلُوبَنَا عَلَى طَاعَتِكَ))

واتە: ((ئەی ئەو خودایەی کە دڵەکان لەژێر ڕکێفی تۆدان؛ دڵمان جێگیر بکە وهەڵیبگێڕەوە بەرەو گوێڕایەڵی کردنت))[83].

70-((يَا مُقَلِّبَ الْقُلُوبِ ثَبِّت قَلْبِي عَلَى دِينِكَ))

واتە: ((ئەی هەڵگێڕەوەی دڵەکان دڵم جێگیر و چەسپاو بکە لەسەر ئاینەکەت))[84].

71-((اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ[الْيَقِينَ]و [الْعَفْوَو] الْعَافِيَةَ فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ))

واتە: ((خودایە من داوای یەقین -ئیمان- ولێخۆشبوون وعافیەت - سەلامەتبوونت- لێدەکەم لە دونیا وقیامەتدا))[85].

---

82 أحمد : 391/1 ، 452 ، والحاكم : 509/1، وبە -حسن-ی داناوە الحافظ لە تخريج الأذكار، وبە سەحیحی داناوە الألباني لە تخريج الكلم الطيب، ل 73.

83 مسلم : 2654.

84 الترمذي : 3522، وأحمد : 182/4 ، والحاكم : 525/1 ، و 528 ، وبە سەحیحی داناوە و الذهبي هاوڕایە، وبە سەحیحی داناوە الألباني لە صحيح الجامع : 309/6، وصحيح الترمذي : 171/3 . وقد قالت أم سلمة رضي الله عنها: ((كان أكثر دعائه -صلى الله عليه وسلم- )) واتە: ئوم سەلەمە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ((زۆرترین نزای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەم نزایە بوو)).

85 الترمذي: 3514، والبخاري لە الأدب المفرد: 726، وگێڕانەوەکە لای -الترمذي- بەم شێوەیە: ((سلوا الله العافية في الدنيا والآخرة)) واتە: ((داوای عافیەت وسەلامەتبوون بکە لە دونیا وقیامەت))، ولە گێڕانەوەیکدا: ((سلوا الله العفو والعافية فإن أحداً لم يعط بعد اليقين خيراً من العافية)) واتە: ((داوای لێخۆشبوون وعافیەت -سەلامەتبوون- بکەن لە خوای گەورە چونکە هیچ یەکێک لەپاش یەقین -ئیمان- هیچ شتێکی پێ نەبەخشراوە باشتر بێت لە عافیەت))، وبە سەحیحی داناوە الألباني لە صحيح ابن ماجه: 180/3 ، و 185/3 ، و170/3 ، سەیری : موسنەدی ئیمام ئەحمەد بکە بە ڕیزبەندی دانای أحمد شاكر 1 / 156-157 .

72-((اللهمّ أحْسِنْ عَاقِبَتَنَا فِي الأُمُورِ كُلِّهَا، وَأجِرْنَا مِنْ خِزْيِ الدُّنْيَا وَعَذَابِ الآخِرَةِ))

واتە: ((خودایە کۆتامان چاک بێت لە هەموو شتێک، وبمانپارێزیت لە ئابڕووچوونی دونیا وسزای قیامەت))[86].

73-((رَبِّ أَعِنِّي وَلَا تُعِنْ عَلَيَّ، وَانْصُرْنِي وَلَا تَنْصُرْ عَلَيَّ، وَامْكُرْ لِي وَلَا تَمْكُرْ عَلَيَّ، وَاهْدِنِي وَيَسِّرِ الهُدَى إِلَيَّ، وَانْصُرْنِي عَلَى مَنْ بَغَى عَلَيَّ، رَبِّ اجْعَلْنِي لَكَ شَكَّارًا، لَكَ ذَكَّارًا، لَكَ رَهَّابًا، لَكَ مِطْوَاعًا، إِلَيْكَ مُخْبِتًا أَوَّاهاً مُنِيبًا، رَبِّ تَقَبَّلْ تَوْبَتِي، وَاغْسِلْ حَوْبَتِي، وَأَجِبْ دَعْوَتِي، وَثَبِّتْ حُجَّتِي، وَاهْدِ قَلْبِي، وَسَدِّدْ لِسَانِي، وَاسْلُلْ سَخِيمَةَ قَلْبِي))

واتە: ((خوایە یارمەتیم بدە و یارمەتی کەسیش مەدە لە سەرم ، وە سەرم بخە و کەسیش سەر مەخە بە سەرمدا ، پلانم بۆ دارێژە و پلانیش دامەڕێژە لە سەرم ، وە ڕێنماییم بکە و ڕێنمایی کردنیشم بۆ ئاس بکە ، وە سەرم بخە بە سەر ئەو کەسەی کە دەست درێژ دەکاتە سەرم ، خوایە وام لێبکە شوکرانەبژێری تۆ بم ، زیکری تۆ بکەم ، لە تۆ بترسم ، گوێڕایەڵی تۆ بکەم ، بۆ لای تۆ بگەڕێمەوە ، پەروەردگارم تەوبەم لێ قبوڵ کە ، وە تاوانەکانم بشۆرەوە ، وە وەڵامی دوعاکانم بدەرەوە ، وە بەڵگەکانم جێگیر بکە ، وە ڕێنمایی دڵم بکە ، وە زمانم ڕاست کەرەوە ، وە پۆخڵەواتی نێو دڵم دەربێنە))[87].

74-((اللَّهُمَّ إِنَّا نَسْأَلُكَ مِنْ خَيْرِ مَا سَأَلَكَ مِنْهُ نَبِيُّكَ مُحَمَّدٌ -صلى الله عليه وسلم- ، وَنَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ مَا اسْتَعَاذَ مِنْهُ نَبِيُّكَ مُحَمَّدٌ -صلى الله عليه وسلم- ، وَأَنْتَ الْمُسْتَعَانُ، وَعَلَيْكَ الْبَلَاغُ، وَلَا حَوْلَ وَلَا قُوَّةَ إِلَّا بِاللَّهِ))

واتە: ((خودایە ئێمە داوای ئەو خێرانەت لێدەکەین کە پێغەمبەرەکەت موحەمەد -صلى الله عليه وسلم- داوای کردووە، وپەنا بە تۆ دەگرین لەو شەڕانەی کە

---

[86] أحمد : 181/4 ، والطبراني في الكبير : 2/33/ 1169، و الدعاء : 1436، وابن حبان : 2424 ، 2425 (موارد)، و الحافظ الهيثمي لە -مجمع الزوائد- : 178/10 دەڵێت: ((پیاوەکانی ئەحمەد ویەکێک لە ئەسانیدەکانی طبرانی جێی متمانەن)).

[87] البخاري لە الأدب المفرد : 664 ، 665 ، وأبو داود : 1510، 1511، والترمذي: 3551 ، وابن ماجه : 3830 ، وأحمد : 127/1 ، والحاكم وبە سەحیحی داناوە و الذهبي هاوڕایە : 519/1 ، وبە سەحیحی داناوە الألباني لە صحيح أبي داود : 414/1، و لە صحيح الترمذي : 178/3 .

پێغەمبەرەکەت موحەمەد -صلى الله عليه وسلم- پەنای بە تۆ گرتووە لێیان، خودایە -تەنها- تۆ داوای یارمەتیت لێدەکریت، وتەنها تۆ دەتوانیت ئەم داوایانە وەڵام بدەیتەوە وجێبەجێی بکەیت، وهیچ هێز وتوانایەکمان نیە مەگەر بە یارمەتی خوای گەورە))[88].

75-((اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ سَمْعِي، وَمِنْ شَرِّ بَصَرِي، وَمِنْ شَرِّ لِسَانِي، وَمِنْ شَرِّ قَلْبِي، وَمِنْ شَرِّ مَنِيِّي))

واتە: ((خوایە من پەنات پێدەگرم لە خراپەی بیستنم ، وە لە خراپەی بینینم ، وە لە خراپەی زمانم ، وە لە خراپەی دڵم ، وە لە خراپەی شەهوەتم))[89].

76-((اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْبَرَصِ، وَالْجُنُونِ، وَالْجُذَامِ، وَمِنْ سَيِّئِ الأَسْقَامِ))

واتە: ((خوایە من پەنات پێدەگرم لە گولی و شێتی و گەڕی ، وە لە خراپترینی دەرد و نەخۆشیەکان))[90].

77-((اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ مُنْكَرَاتِ الْأَخْلَاقِ، وَالْأَعْمَالِ، وَالْأَهْوَاءِ))

واتە: ((خودایە پەنا بە تۆ دەگرم لە : ڕەوشت وکردەوە وئارەزووە چەوتە ناشیرینەکان))[91].

78-((اللَّهُمَّ إِنَّكَ عُفُوٌّ كَرِيمٌ تُحِبُّ الْعَفْوَ فَاعْفُ عَنِّي))

---

88 الترمذي : 3521، وابن ماجه : 3846، بەمانایەکی هاوشێوەی و -الترمذي- دەڵێت: ((ئەمە فەرموودەیەکی -حسن وغريب-ە))، و بە -ضعيف-ی داناوە الألباني لە ضعيف الترمذي، ل 387.

89 أبو داود : 1551، والترمذي : 3492، والنسائي : 5470 ، وئەوانی تر. وبە سەحیحی داناوە الألباني لە صحيح الترمذي : 166/3 ، وصحيح النسائي : 1108/3 .

90 أبو داود : 1554، والنسائي : 5493 ، وأحمد : 192/3 وبە سەحیحی داناوە الألباني لە صحيح النسائي : 1116/3 ، وصحيح الترمذي 184/3.

91 الترمذي : 3591 ، وابن حبان : 2422 (موارد)، والحاكم : 1/ 532، والطبراني لە الكبير : 36/19/19. وبە سەحیحی داناوە الألباني لە صحيح الترمذي: 184/3.

واته: ((خودایه تۆ لێبووردە وبەخشندەیت ولێبووردنت پێ خۆشه بۆیه لێم خۆشبه))[92].

79-((اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ فِعْلَ الْخَيْرَاتِ، وَتَرْكَ الْمُنْكَرَاتِ، وَحُبَّ الْمَسَاكِينِ، وَأَنْ تَغْفِرَ لِي، وَتَرْحَمَنِي، وَإِذَا أَرَدْتَ فِتْنَةَ قَوْمٍ فَتَوَفَّنِي غَيْرَ مَفْتُونٍ، وَأَسْأَلُكَ حُبَّكَ، وَحُبَّ مَنْ يُحِبُّكَ، وَحُبَّ عَمَلٍ يُقَرِّبُنِي إِلَى حُبِّكَ))

واته: ((خودایه، من داوای: ئەنجامدانی کردەوە خێر وچاکەکان، ودووربوون له کردەوە شەڕ وخراپەکان، وخۆشویستنی هەژارەکان له تۆ دەکەم، وداوا له تۆ دەکەم لێم خۆش بیت ورەحمم پێبکەیت، وئەگەر ویستت خەڵکانێک تاقی بکەیتەوە -له بیروباوەڕیاندا- من بمرێنه وبەو فیتنەیه تاقیم مەکەرەوە، وداوا له تۆ دەکەم که منت خۆش بوێت، وئەوانەم خۆش بوێت که تۆیان خۆش دەوێت، وئەو کردەوانەم خۆش بوێت که له خۆشەویستی تۆ زیاتر نزیکم دەکەنەوە))[93].

80-((اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ مِنَ الْخَيْرِ كُلِّهِ: عَاجِلِهِ وَآجِلِهِ، مَا عَلِمْتُ مِنْهُ وَمَا لَمْ أَعْلَمْ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنَ الشَّرِّ كُلِّهِ عَاجِلِهِ وَآجِلِهِ، مَا عَلِمْتُ مِنْهُ وَمَا لَمْ أَعْلَمْ. اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ مِنْ خَيْرِ مَا سَأَلَكَ عَبْدُكَ وَنَبِيُّكَ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ [مَا اسْتَعَاذَ بِكَ] [مِنْهُ] عَبْدُكَ وَنَبِيُّكَ. اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الْجَنَّةَ، وَمَا قَرَّبَ إِلَيْهَا مِنْ قَوْلٍ أَوْ عَمَلٍ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنَ النَّارِ وَمَا قَرَّبَ إِلَيْهَا مِنْ قَوْلٍ أَوْ عَمَلٍ، وَأَسْأَلُكَ أَنْ تَجْعَلَ كُلَّ قَضَاءٍ قَضَيْتَهُ لِي خَيْرًا))

واته: ((خوایه من داوای خێرت لێ دەکەم هەر هەمووی هی ئێستایی و داهاتوویی ئەوەی که دەیزانم و ئەوەشی که نایزانم ، وە پەنات پێ دەگرم له خراپه هەر هەمووی هی ئێستایی و داهاتوویی ئەوەی که دەیزانم و ئەوەشی که نایزانم ، خوایه من داوای ئەو خێرەت لێ دەکەم که بەندە و پێغەمبەرەکەت داوای لێ کردوویت ، وە پەنات پێ

---

[92] الترمذي : 3513، والنسائي في الكبرى : 7712، وبه سەحیحی داناوه الألباني له صحيح الترمذي: 170/3.

[93] أخرجه أحمد : 243/5 والترمذي : 3235، وبه -حسن-ی داناوه، والبخاري دەڵێن: ((ئەمه فەرموودەیەکی حسن وصحيحه))، وله کۆتایی فەرموودەکه -صلى الله عليه وسلم- دەفەرمویت: ((إنها حقٌّ فادرسوها وتعلّموها)) واته: ((ئەم وشانه هەق وڕاستین بۆیه بیانخوێنن وفێریان بن))، والحاكم : 521/1 ، وبه سەحیحی داناوه الألباني له صحيح الترمذي : 3/ 318 .

دەگرم لەو خراپەیەی کە بەندە و پێغەمبەرەکەت پەنای پێت گرتووە لێی ، خوایە من داوای بەهەشتت لێدەکەم و ئەوەشی کە نزیك کەرەوەیە لێی لە هەر گوفتار و کردارێك ، وە پەنات پێدەگرم لە ئاگر و ئەوەشی کە نزیك کەرەوەیە لێی لە هەر گوفتار و کردارێك ، وە داواشت لێدەکەم هەر بڕیارێك کە بڕیارت لە سەر داوە بۆم بە خێر بگێڕیت))[94].

81-((اللَّهُمَّ احْفَظْنِي بالإِسْلاَمِ قائِماً، واحْفَظْنِي بالإِسْلاَمِ قاعِداً، واحْفَظْنِي بالإِسْلاَمِ راقِداً، ولا تُشْمِتْ بِي عَدُوّاً ولا حاسِداً. اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ مِنْ كُلِّ خَيْرٍ خزائِنُهُ بِيَدِكَ، وأَعُوذُ بِكَ مِنْ كُلِّ شَرٍّ خَزَائِنُهُ بِيَدِكَ))

واتە: ((خوایە بمپارێزە بە هۆی ئیسلامەوە لە کاتێکدا کە بە پێوەم ، وە بمپارێزە بە هۆی ئیسلامەوە لە کاتێکدا کە دانیشتووم ، وە بمپارێزە بە هۆی ئیسلامەوە لە کاتێکدا کە ڕاکشاوم ، وە بە گرفت و غەمی من دوژمن و چاولەسەربووانم خۆشحاڵ مەکە ، خوایە من داوای هەموو خێرێمت لێدەکەم کە خەزێنەکەی لە دەستی تۆ دایە ، وە پەنات پێ دەگرم لە هەموو خراپەیەك کە خەزێنەکەی لە دەستی تۆ دایە))[95].

82-((اللَّهُمَّ اقْسِمْ لَنَا مِنْ خَشْيَتِكَ مَا تَحُولُ بِهِ بَيْنَنَا وَبَيْنَ مَعَاصِيكَ، وَمِنْ طَاعَتِكَ مَا تُبَلِّغُنَا بِهِ جَنَّتَكَ، وَمِنَ الْيَقِينِ مَا تُهَوِّنُ بِهِ عَلَيْنَا مَصَائِبَ الدُّنْيَا، اللَّهُمَّ مَتِّعْنَا بِأَسْمَاعِنَا، وَأَبْصَارِنَا، وَقُوَّاتِنَا مَا أَحْيَيْتَنَا، وَاجْعَلْهُ الْوَارِثَ مِنَّا، وَاجْعَلْ ثَأْرَنَا عَلَى مَنْ ظَلَمَنَا، وَانْصُرْنَا عَلَى مَنْ عَادَانَا، وَلَا تَجْعَلْ مُصِيبَتَنَا فِي دِينِنَا، وَلَا تَجْعَلِ الدُّنْيَا أَكْبَرَ هَمِّنَا، وَلَا مَبْلَغَ عِلْمِنَا، وَلَا تُسَلِّطْ عَلَيْنَا مَنْ لَا يَرْحَمُنَا))

واتە: ((خوایە ئەوەندە ترسان لە خۆتمان پێببەخشە کە ببێتە بەربەست لە نێوان ئێمە و سەرپێچی کردنتدا ، وە ئەوەندەش لە گوێڕایەڵی کردنت ببەخشەپێمان کە بمانگەیەنێتە بەهەشتەکەت ، وە ئەوەندەش لە دڵنیایی کە ناهەمواریەکانی دونیامان

---

[94] ابن ماجە : 3846، بەلەفزی خۆی، وأحمد: 134/6، ولەفزی دووەمی کە زیادکراوە هی ئەمە، والحاكم وبە سەحیحی داناوە، و الذهبي هاوڕایە: 521/1، ولەفزی یەکەم کە بۆی زیادکراوە هی ئەمە، وبە سەحیحی داناوە الألباني لە صحيح ابن ماجه: 327/2.

[95] الحاكم: 525/1 وبە سەحیحی داناوە و الذهبي هاوڕایە، وبە -حسن-ی داناوە الألباني لە صحيح الجامع: 398/2، و سلسلة الأحاديث الصحيحة: 54/4 ژ 1540.

